مەشهەدانی و جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختیان لەپتەوکردنی هاوکاری سیاسی و ئابووری کردەوە



ئەمڕۆ یەکشەممە "مەحمود مەشهەدانی" سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران،لەگەڵ "فیکتۆریا تێیلور" جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باسی پتەوکردنی هاوکاری دووقۆڵی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان لە هەموو بوارەکاندا کرد.

نووسینگەی هاگێیاندنی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران لە هاگێیندراوەکدا تیایدا هاتووە : "مەحمود مەشهەدانی" سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران ، پێشوازی لە " ڤیکتۆریا تێیلور " جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێلیزابێت تروداو پاشکۆی باڵیۆزخانەی ئەمریکای کرد.

وەک لە هاگێیندراوەکدا هاتووە : لەدیدەکدا باس لە پتەوکردنی هاوکاری دووقۆڵی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای لە هەموو بوارەکاندا کرا،بەتایبەت لە بواری سیاسی و ئابووری،و تاوتوێکردنی پرسە هەنووکەییەکان و پێشهاتەکانی دێخی هەرمی و کاریگەرییەکانی لە ناوچەکەدا.

هەر لە دیدارەکەدا : باس لە ئاستنگەکانی بەردەم ناوچەکە بگشتی و عێراق بەتایبەتی و چۆنیەتی پتەوکردنی دیالۆگ و لێکتگەیشتن لە نێوان هەردوولا کرا،هەروەك هەردوولا جەختیان لەسەر گرنگی پێیوندی بەردەوام و پتەوکردنی هاوکاری سیاسی و ئابووری کردەوە.